وەزارتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ١٧٥٦/٤/٩ لە ٢٠١٩/٢/٢٨

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (٤٧٢) لە ٢٠١٩/١/٢٣ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بۆ گرینگدان بە پێشخستنی سیستەمی باج و هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی لەم بوارەدا خزمەت دەکەن بە رەچاو کردنی ئەو ئەرك و بارگرانیەی کەوتۆتە سەر شانیان بڕیاردرا بەدەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-

رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩
رێنمایی دەرماڵەی تایبەت

یەکەم: خەرج کردنی دەرماڵەی تایبەت بە رێژەی (٥٠%)ی مووچەی بنەڕەتی مانگانە بۆ فەرمانبەرانەی هەمیشەیی سەر بە بەرێوە بەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

دووەم: خەرج کردنی دەرماڵەی تایبەتی ئاماژە پێکراو بۆ فەرمانبەرانی گرێبەستی بەڕێوە بەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەری میری لەسەر بنەمای مووچە شایستەیان بەپێی بڕوانامە نەوەك مووچەی گرێبەستیان.

سێیەم: نابێت دوو دەرماڵەی تایبەت لە هەمان کاتدا بۆ فەرمانبەرێك خەرج بکرێت .

چوارەم: ئەم دەرماڵە یە لە گشت مۆڵەتەکاندا دەربڕدرێت جگە لە مۆڵەتی ئاسایی بۆ ماوەی (٣) رۆژ لە حاڵەتی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی زیاتر لەم (٣) سێ رۆژە بۆ رۆژە زیادەکان دەبڕدرێت

پێنجەم: ئەم رێنماییە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەرانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان ناگرێتەوە.

شەشەم: ئەم رێنماییە فەرمانبەرانی پلەی تایبەت ناگرێتەوە.

حەوتەم: ئەم دەرماڵەیە لە رێکەوتی ٢٠١٩/١/١ ەوە خەرج دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

رێباز محمد حملان
وەزیری دارایی و ئابووری